
# پازده هەزار ماچ



Handren88@hotmail.com
هەندرێن حەمەدەمین

لە سەر سینگی
حەزە سۆزانیەکانم
شەیتان لە نێو مرۆڤە خۆشبەختەکان ئەبینم
سەمای
دۆڕان و بردنەوە
تێکەڵ ئەکا
بە ئاوازی لێکدانی پێکە نیوە ڕژاوەکانی خوا بە خەبەرەکان
پڕوشکە ئاگرەکانی جەهەنەم
سەربانی بەهەشتیەکان روناک ئەکاتەوە
حۆریەکان لە ئامێزی سۆفیەکان ئۆقرە ناگرن
لە دشداشە و عەباکان
خۆیان ئەدزنەوە
پازدە هەزار ماچ ئەدەنە قاچاغچیەکانی جەهەنەم
جوولەکەیەک
سەرۆکی ئەو دەستەیە
کۆمەک کۆ ئەکەنەوە بۆ کڕینی شوێنە چۆڵکراوەکانی بەهەشت
مەسیحیێک
سەرۆکی ئەو دەستەیە
مرۆڤە نغرۆ لە حۆریەکان رزگار ئەکەن



ئیسلامێک
سەرۆکی ئەو دەستەیە
خۆیان بە دەرمان حەمام شوشتووە و
پێکە بەتاڵەکانی خواکان پڕ ئەکەنەوە و
خوا نووستوەکان بە خەبەر دێنن
پەیکەرتاشەکان
چەکی دەستی پاسەوانەکان ئەکەن بە گوڵدان
شێوەکارەکان
رەنگەکانیان
لە ئاگر و شیر و شەڕاب
ئەگرنەوە



نۆتەکان
سەمای شەیتان خۆش ئەکەن و
روحی خواکان ئەکەن بە شانۆ
بۆ ئەو ئەکتەرانەی
باوڕیان بە دەق نیە
نووسەرەکان کۆ بوونەوە
رۆمانەکانیان کردنە باخچە
لە چیرۆکەکانیش
رێگا و کورسی حەسانەوەیان دروست کردن
کانیلەکان لە شعر زان

نوقتەکان بوون بە پەپولە و
ووشە رووتەکانیش بە گوڵ

سینگی ئەم حەزانەم بە جێ ناهێڵم
سبەینەکان
لە سێبەری مەمکەکاندا گۆرانی ئەڵێم
ئێوارانیش
لە ترۆپکی ئەو مەمکانە تەئەمول ئەکەم
سینەی حەزەکانم



بە سەر و بەریەوە هەیە
جەستەی حەزەکانم ئەکەم بە خەونزار
بەو ماچانەی
بەرگ لە رووی راستی ئەتوێنەوە

١٠ی ٦ی١٩٩٧ هەولێر